



# تابلۆی ئێکسپرێشینیزم

# ئێکسپرێشینیزم لە هونەری شێوەکاریی و میوزیکدا

توانا حەمە

ئێکسپرێشــینیزم، یەکێکە لە ڕەوتــە هونەرییەکانی مۆدێرنە، کە بە تێکشــکاندنی فۆرمەکان، بە پەیامی زیادەڕۆئامێــز (مبالغە)، دیوی ڕاستی ناشــیرینیی و ناپەسەندیی بەیان بکات. بناغەی ئەم شێوازە لەسەر بنەمای ئەو بڕوایە بوو، کە ئیدی پێویستە هونەرمەند هەستی ڕاستەقینەی خۆی بەیان بکات؛ ئەگەر جیهان ناشیرین و نەفرەتییە، پێویســتە ئــەو خاڵە بە شــێوەیەکی بێڕتــووش و بێڕووپۆشــکردن گوزارشــتی لێبــکات، نابێــت خــۆی بــە بیروبــاوەڕ و فەرماییشــتە کۆنەکان ببەستێتەوە، کە زیاتر کاریان ڕەتووشکردن و پەنهانکردنی ناشیرینییەکانی ژیانە.

ئــەم بیــرە، لە پێش جەنگــی یەکەمی جیهانییەوە لــە هەندێک لەو نووسراوانەی، کە دەربارەی هونەری شێوەکاریی بینراون، دەرکەوتووە، بــەڵام زۆر بــە زوویــی پەلی بۆ هۆنراوە، ڕۆمان، شــانۆ، ســینەما و میوزیک هاویشتووە و زیاتر پەرەی سەندووە.

پێشــینەی شێوەشــکێنی لە هونەری شــێوەکارییدا بۆ هیرونیموس، ماتیاس گرونوالد (ســەدەی پازدەیەم) و دمنیکوس تئوتوکوپولوس ئێلگرکــو (ســەدەی شــازدەیەم) دەگەڕێتــەوە. بــەڵام ڤانکوخــی

شـێوەکاری پۆستئیمپرێشینیســت، لە کۆتایی سەتەی نۆزدەیەم بە پێشـڕەوی (ئاڤانـگارد) ڕێچکەشـکێنی و فۆڕمشـکێنی لە هونەری شـێوەکارییدا دادەنرێـت. ئەو بە هێڵە لەرزۆکـەکان، ڕەنگی توند و زیادەڕۆیی کارەکانیدا، وەک یەکێک لە پێشـڕەوانی ئێکسپرێشینیزم هەژمـار دەکرێت. ئەو خـۆی دەربارەی تابلـۆی بەردەمی قاوەخانە لە شـەودا (Caf Terrace at Night) نوسـیبووی، کە ئەم کارەی ئەو، بەیانکردنی ئەو پەیامەیە، کە قاوەخانە لە شەودا چ شوێنێکە! چۆن دەتوانێت مرۆڤ لە نێوانێک دابنێت، بەرەو شێتیی، یان بەرەو تاوانکاریی ببات.

دوابـەدوای ئـەو ئیدوارد مونشـی نەرویجی لە تابلۆی هـاوار (The Scream) لـە سـاڵی ١٨٩٣دا، بە شـێوەیەکی ئاگاهانەی هونەری ئێکسپرێشـینیزمی بەرجەسـتەی کرد بوو. تابلۆی هاوار، یەکێکە لە ژمارەیەک تابلۆی مونش بە ناونیشـانی چێوەنەقشی ژیان (Frieze of life The)، بابەتەکانـی نێو ئەم کۆمەڵە تابلۆیە، گوزارشـتن لە چەپاندنی سێکسیی، تەنیایی، خودبێگانەیی و نەفرەت لە ژیانکردنە.

بە شێوەیەکی گشتی لە ئەڵمانیادا دوو گرووپی جیاواز بە سەردەستەی هونەری ئێکسپرێشینیزمیی خۆیان دەناساند:

گرووپی یەکەم، بە ناوی پرد (die brcke)، کە لە سـاڵی ١٩٠٥دا سەریان هەڵدا، خۆیان بە دوژمنی ڕیالیزم و شێوازە کۆنەکان دەناساند و کارەکانی خۆیشـیان بە "پردی بەرەو هونەری ئایندە" ناو دەبرد. کارەکانی ئەم گرووپە بە شـێوەکاریی سـادە، بە هێڵی زبر و ڕەنگی توند تایبەتمەند بوون و پێی دەناسرانەوە.

گرووپی دووەم، بە سـوارچاکی شـین (die blauer reiter) خۆیان ناسـاند، کە پێشـڕەوانی ئەم گرووپە، ڤاسـیلی کاندینسکی و فرانز مـارک بوون. ئەوانیش بە بەکارهێنانی ڕەنگی شـین لە کارەکانیاندا دەناسـرانەوە. گەرچی سـوارچاکانی شـین بە زوویی کۆتاییان بە ڕەوتەکەیـان هێنا، بەڵام کاندنسـکی بەردەوامیی بـە ڕەوتەکەدا. بە هۆی نزیکیی لە شـۆنبێرگی میوزیکدانـەری ئەڵمانییەوە، کارەکانی ئەو بە سـەر زۆر لە نۆت و بەرگی بڵاوکراوەکانی ئارنۆڵد شـۆنبیرگ

دەبینرێت.
دەتوانرێت بگوترێت ئێکسپرێشـینیزم، لـە ئەنجامی ئەو نائومێدییە ڕووحییەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی لە دنیای هونەردا هاتووەتە گۆڕێ، لە کاتێکدا کە کوشتار، بیماریی، هەژاریی و تەنیایی؛ وێنەی دۆزەخیان لەسەر زەوی نەخشاندبوو. هەر کاریگەریی ئەم وێنانە بوو، لە کاری شـێوەکاران، میوزیسـیانان، هونەرمەندان و شاعیرانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە.
شێوازی ئێکسپرێشینیزم لە میوزیکی جیهانیدا، دەتوانرێت بگوترێت نیشانەکانی هەستکردن بە دەرکەوتنی ئێکسپرێشینیزم زیاتر لە نێو دانراوە میوزیکییەکانی سەردەمی نورۆمانتیکدا دەبینرێت. بۆ نموونە زۆر لەو نیشـانانە لە سـیمفۆنیەکانی گۆسـتاف مالەر دەدرۆزێتەوە. بەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی، شـونبێرگ بە ئاڤانگاردی ئەم ڕەوتە دادەنرێت. گەرچی ئەو لە سەرەتادا، وەک ژەنیاری ڤایۆلین سەرقاڵی کاری میوزیک بوو، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: "پاش هەشـت ساڵ لە ژەنینی ئامێری ڤایۆلین، بڕیارمدا ئیدی کاری میوزیکدانان بکەم." ئەو بۆ یەکەم جار، یەکەمین پەیامی ئێکسپرێشینیزمی خۆی، لە شاکاری شەوی نادیاردا (Verklrte Nacht)، بەرجەستە کرد.
شونبێرگ لەم کارەیدا فۆڕمتێکشکێنیی خۆی، بە نادیاریی و ناڕۆشنیی لـە هارمۆنیدانانـدا گوزارشـتی ئێکسپرێشـینیزمی خۆی ئاڕاسـتە کردبـوو، ئەویش بە ڕەهابـوون و دوورکەوتنەوە لە تۆنالیتەی کۆن، یان بەکودەتاکردن لە هارمۆنیدانانە باوەکاندا، میوزیکی پۆستتۆنال، ئەزموونـی ئەتۆنـال، داوزدەتۆنـی و سـوریالی لە دنیـای میوزیکدا چەسـپاند. باری ناهەموار، نەناسراو و ناهاوسـەنگی دەروونیی، کە یەکێک لە سیماکانی شانۆی ئێکسپرێشینیزمی بوو، هەر بۆیە هەمان شێواز و سیمایانە لە کۆتا ئۆپێرای شۆنبێرگدا دەبینرێت.
نامۆیی لە هارمۆنی، یەکێکە لە تایبەتمەندیی و ڕەگەزە سەرەکییەکانی میوزیکی شۆنبیرگ، بەڵام شێوازە لە گۆرانیگوتن لە شاکارەکانیدا زۆر نوێ بوو، بۆیە لە لایەن تیۆرزانە کۆنەکانەوە ڕەت دەکرایەوە.
ئۆپێـرای وتسـیک ((wozzeck ١٩١٧)، شـاکاری ئەلبـان بیـرغ،

خوێندکاری شۆنبیرگ، بە یەکێک لە دیارترین نموونەی ئۆپێرای ئێکسپرێشینیزم دادەنرێت. ئەو بە هاوبەشی نمایشنامەی وتسیک (١٨٣٦) لە نووسینی کارل جۆرج بوخنر، ئەم شاکارەی داناوە، کە باس لە چیرۆکێکی تراژیدیی سەربازێک دەکات، کە لە لایەن ماریی هاوسەریەوە پەیمانشکێنیی لەگەڵ دەکرێت. بەمە، نائومێد و نائارام دەبێت. ئەم کارە بە شێوازێکی ئێکسپرێشینیزمی و زمانێکی توندوتیژی میوزیک و نواندن، پێوەندییە مرۆییەکانی ئەو ڕۆژگارە دەخاتە ڕوو.

هەروەها دوو ئۆپێرای ڕیتچارد شتراوس، سالومە و ئەلکترا، بە نموونەی دیکەی ئۆپیرای ئێکسپرێشینیزمی هەژمار دەکرێن. پاشان هەمان ئەم ژانر و شێوازە میوزیکییە دێتە نێو بواری میوزیکی فیلمی سینەمایی (بێوشە، دەنگ)، بە نموونە کابینەی دکتۆر کالیگیری (The Cabinet of Dr. Caligari) ١٩٢٠، دەرهێنانی ڕۆبەرت وینە و میوزیکی لە لایەن پیتر شیرمان دانراوە، بە یەکێک لە دیارترین میوزیکی فیلم دادەنرێت، کە بە شێوازی ئێکسپرێشینیزمی نووسراوە.

بە شێوەیەکی گشتی، هونەرمەندانی ئێکسپرێشینیزمی کاریان ئەوە بوو، بە گفتوگۆکردن بە زمان و ئاکتی هونەریی، بەدبەختییەکانی ژیانی مۆدێرنە بخەنە ڕوو. بەرجەستەکردنی ئەو نائومێدی و ناهەموارییانەی، کە لە ئەنجامی جەنگ و ماڵوێرانی و لایەنە نەرێنییەکانی مۆدێرنە، کە هاتبوونە بوون، هەموو ئەمانە ناسنامەی (Identity) ڕەوتەی ئێکسپرێشینیزمی و ئەو ڕۆژگارە بوون.

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**

١- آنارسون، تاریخ هنرمدرن (نقاشی و پیکره سازی ومعماری درقرن بیستم)، مصطفی اسلامیه، چاپ: اول، تهران: موسسه انتشارات اگاه، ١٣٧٥.

٢- احمدی، بابک، موسیقی شناسی فرهنگ تحلیلی مفاهیم، چاپ: اول، تهران: نشر مرکز، ١٣٨٩، ل. ٤١٢.